نێچیرڤان بارزانی و حەیدەر عەبادی جەخت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی هەولێر ـ بەغداد بە گفتوگۆ دەکەنەوە

ئەمڕۆ چوارشەممە، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ حەیدەر عەبادی، سەرۆك وەزیرانی پێشووتری عێراقی فیدراڵ و سەرۆکی هاوپەیمانی نەسر، جەختیان لە گرنگی پاراستنی ئارامی و سەقامگیری سیاسی وەك و چارەسەرکردنی کێشەکانی هەولێر ـ بەغدا بە گفتوگۆ و لێکگەیشتن کردەوە.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکی هەرێم لە راگەیەنراوێکدا کە دەستی موتەبع کوتووە، دەڵێت: نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە دیدارێکدا لەگەڵ حەیدەر عەبادی، سەرۆك وەزیرانی پێشووتری عێراقی فیدراڵ و سەرۆکی هاوپەیمانیی نەسر، دەخی عێراق و هەرێمی کوردستان و گفتوگۆی چارەسەرکردنی کێشەکانی هەولێر ـ بەغدا و هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیان تاوتوێ کرد.

هەردووڵا جەختیان لە گرنگی پاراستنی ئارامی و سەقامگیری سیاسی وەك و چارەسەرکردنی کێشەکانی هەولێر ـ بەغدا بە گفتوگۆ و لێکگەیشتن کردەوە، هەروەها دەربارەی داهاتووی پرۆسەی سیاسی و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران و بڕیاری هەز و لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتەکانی عێراق، بیرۆڕایان گۆڕیەوە.